به ناوی کوردستانی گەورە !

# کورد و هەڵپەڕکێ !

ح. سۆران
soran909@hotmail.com

هەڵپەڕکێ چەشنە سەمایەکە، کە لە نێو زوربەی گەلانی جیهاندا هەیە. کوردیش وەک گەلێکی ڕەسەن و مێژویی، چەشنە هەڵپەڕکێی چۆربەجۆری خۆی هەیە، کە بۆ وێنە هێندێک لەو هەڵپەڕکێیانە، ئەمانەن :چۆپی، ڕۆینە، داغە، شێخانی، سێ پێیی و ...

بەڵام شتێک کەلە ساڵانی ڕابووردو دا، بە ژیانەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد، سەرنجی خەڵکی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، چەشن و ڕەوتی هەڵپەڕکێی کوردی نیە، بەڵکە ئەمەیە، کە بۆچی کوردە کان لە بچووکترین کات و جێگە، بۆ هەڵپەڕکی کەڵک وەردەگرن ؟.

ڕەنگە زوربەی ئەو خۆشەویستانەی، کە ئەم وتارە دەخوێننەوە، پرسیاری سەرەوەیان لە خۆیان کردبێ کە" کورد بۆچی هێندە لەگەڵ هەڵپەڕیندا، نێوانی خۆشە"؟. بەڵام منیش بۆ ئەوەی کە بەڵگەیەکی زۆر زیندووتان لەو هەستە پێ بناسێنم، شتێکتان بۆ دەگێڕمەوە :

کاتیک لە ساڵەکانی ۱۹۷۰ دا لەندەن بووم، بە پێی بانگهێشتنی بەشی کوردی زانکۆی پاریس ( ڕیزدار خاتو ژۆیس بلاو) و کاک دوکتور کەندال، لە لەندەنەوە چووم بۆ پاریس، تا سەبارەت بە پەرتووکی کتێبناسی کوردی، کە تازە نووسیبووم و مەبەستگەلی دیکە، لە زانکۆی پاریس بۆ خۆێندکارانی بەشی کوردی قسەبکەم. سەرەتای مانگی بەفرانبار بو، بە ئۆتۆبووس، لە لەندەنەوە چووم بۆ پاریس و بە هووڤێرکرافت لە بەرەگەی دۆڤێری DOVER ینگلیسەوە لە زەریای مانش پەڕینەوە و لە بەرەگەی کالی Kally فەرانسە دابەزین.

لە نێوان بەرەگەی کالی و شاری پاریسدا، ئۆتۆبووسەکە لە چێشتخانەیەک ڕایگرت، تا نەهار بخۆین. تەماشام کرد، لە سەر چیمەنی بەردەم چێشتخانەکە، قەرەباڵغێک هەیە، کە سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. کاتێک لێیان چوومە پێشەوە، دیم گشتیا ن کوردن و بە گوڕ خەریکی هەڵپەڕینن. دو کەس گۆرانیان دەوت و بۆ یەکیان دەسەندەوە و ئەوانی دیکەش، چ ئافرەت چ پیاو هەڵدەپەڕین، کابرای سەرچۆپیش زۆر عەجایەب لە کۆلی دەدا و بە دەسرەیەکی هاوریشم، ڕێبەری کۆڕی شاییە کەی بە ئەسئووە بو. لە یەکێکیانم پرسی برا ئەم شاییە بە بۆنەی چیەوەیە، کابرا وەڵامێکی زۆر تەواوی داوە و وتی" بە بۆنەی ئەوەوە کە کوردین ". دەبێ ئەمەش بلێم، کە هەر کام لەوانە، خەڵکی پارچەیەک لە پێنج بەشەکەی کوردستانی گەورە بوون، بەڵام وەک من ڕێگەیان کەوتبوە ئەوێ و لەوێ خڕببوونەوە.

ئێستا کە ئەو باسەی سەرەوەم پێشکەش کرد، دەمەوێ وەک ئەندامێکی هەرە بچووک، لە کۆمەڵی مەزنی کوردەواری، بڵێم بۆچی کورد وا نێوانی لەگەڵ هەڵپەڕکێدا خۆشە و لە کورترین کات و جێگە، بۆ هەڵپەڕکێ کەڵک وەردەگرێ:

۱- چون زوربەی کات لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری خوی نارازی بوە، دەیەوێ بە هەڵپەڕکێ چەشنێک پرۆتیستوی بێدەنگ و پڕ بزاڤ نیشان بدا، بەوسکوتەوە داخی دڵی خۆی بڕژێنێ و بەڵگەش نەداتە دەستی زۆرداران - لە ڕساتیدا چەشنێک خۆپیشاندانی بێدەنگە.

۲- لە باری ژێنێتیکی و ناوچەییەوە، گەلێکی ڕەسەن و ڕەبەنە - وەک زەوییەکی بوورەی نەکێڵراو وایە، کە پڕە لە هێز، وزە و ئێنێرژی و دەیەوێ بە چەشنێک ئەم هێزە قەتیسکراوە، دەربڕێ ( خاڵی بکا) و لەشی خۆشی بەمە، بە هێزتر دەکا.

۳- چون گەلێکی هەستیارە، ئەوین و خۆشەویستی بە شێکی سەرەکی لە ژیانییەتی و بۆ دەربڕینی ئەوینی شاردراوەی نێو دڵی، ئەم کارە دەکا.

٤- چون بە پێچەوانەی هێندێک لە گەلانی دیکە دژی پەژارە و گریانە و لاگری خۆشیە. بەڵگەی زیندوی ئەم وتەیە هەڵپەڕینی شیوەنە، کە پێی دەڵێن چەممەر چۆپی - یانی کورد بۆ دەربڕینی شیوەنیش، هەر لە هەڵپەڕکێ کەڵکی وەرگرتوە، کە چەممەرچۆپی ناوچەی مەلیکشاهی، لە ئیلام، یەکێک لەو نموونە پرمانایانەیە.

سەبارەت بەوەش، کە بۆچی کۆڕی هەڵپەڕکێی کوردی، بە پێچەوانەی گەرانی کاتژمێر دەگەڕێ، پێموایە چون هەمیشە کات دژی کورد چەرخاوە، کوردیش دەیەوێ بە گەڕان بە پێچەوانی چەرخی کاتژمێر، تۆ لە لە کات و زەمان بکاتەوە.

## ئایا جێگەی کولۆ بەرد نیە !!!I.

دیارە ڕەنگە بۆچوونی زۆر جوانی دیکەش لەم بەستێنەدا بێ، کە من بیرم پێیان ڕانەگەیوە یا ڕەنگە هێندێک لە خۆشەویستان لەسەر ڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونانە تێبینیان بێ، کە جێی خۆیەتی بیر و ڕای خۆیان دەربڕن، چون ئێستا ئەم مەبەستە بوەتە بنێشتی سەر زاران و ڕوونکردنەوەی پێویستە ؟؟؟.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.